# چ وەحشەتناکە ئەم بێسەوادییەت !

دەقنامەیەکی ئەدەبی _ تیۆری "هەڵبەت بەرلەهەرشتێك بۆ خۆ ڕۆشنبیرکردنی" ، زانا سامان !

**هێمن حمه جزا**
Hemnhamajaza@hotmail.com

*گوناهی من نییە تۆ ناتوانیت یاقووت ڕاوبکەیت*

*گوناهی من نییە تۆ ناتوانیت گوڵ بگریت*

*گوناهی من نییە ، سەری تۆ لەدرک زیاتر هیچ ناگرێت*

*ئەوەی من دەینێرم بۆ ئەبەدییەت بەتۆ ناگەڕێتەوە*

*تۆ ، ئەی کڕیاری کۆنی زبڵخانەی ژیان*

*دانی تۆ لەوە پیرترە ، گوێزی پڕحیکمەتی من بشکێنێت*

*لووتی تۆ لەوە زەلیلترە ، بۆنی باغی من بکات*

"بەختیار عەلی"

## "گومان وەك دەستپێکێك بۆ باڵابوون"

*" شاعیران دەیانەوێت پێکڕا دەقێک بنووسن ، کەپێشوەختە نەنووسرابێت !"*

"ووتەی گەورە شاعیرێکی دونیا"

من زۆرجار بیرم لەم ڕستەیە کردۆتەوە کەدەڵێت :

"لەبیریکە ، ئەو شتەی وا ناتوانی بەدەستی بهێنی و کەبەدەستیشت هێنا ناتوانی لەبیریکەی ! "

ئێمە چی ناتوانین بەدەستی بێنین کەمەجبوورین فەرامۆشی کەین ؟

ئەی ئەوانە چین کەفەرامۆش کردنیان دژوارەو ئەبێ بەدەستی بێنین ؟.

لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەشی یەکەمی ڕستەکە بەشێوەیەکی بەردەوام هەبوونی هەیە ، یانی بەردەوام شتەکان لەخواست و دەسەڵاتی ئێمە گەورەترن و ئێمەش هەمیشە لەبەرامبەریدا چۆکمان داداوەو قەناعەتمان بەوەش کردووە کەهەندێك شتگەل هەن بۆ ئێمە درووست نەکراون ، یانی ئێمە تاکۆتایی لەگەڵی ڕێناکەوین وعەقڵ ودەروونی ترسنۆکمان پێمان دەڵێت : "بەرز مەفڕەو خەیاڵ وخەونی گەورە مەبینە" بێگومان ئەو ڕستەیەی کەئاماژەی پێکرا لەدوو بەشی وەك یەك وناوەك یەك پێکهاتووە ، ئەم ڕستەیە هەرچەند لەسەرەتادا وەك یارییەکی یاخود وەك کایەیەکی زمانییە بەڵام دوای چەند چرکە بیرکردنەوە تێدەگەین ومەجبوورمان دەکات بیری لێبکەینەوە ، چونکە بەجۆرێك لەجۆرەکان هەمان ڕستە توانای ختوکەدانی عەقڵمانی هەیەو بەشێك لەسەرخۆش بوونی پێوەیە .

هەروەك ئاماژەکرا ئەو ڕستەیە لەدوو پرسیار یان دووبەش پێکهاتووە ، بەشی یەکەمی بەبڕوای من ئاماژەیە بۆ دونیای "جۆرێك لەگرفتاری وزوحمەتکێشان وبەشێکیش لەپارەو پول" یانی خەونە دونیاییەکان ، وەبەشی دووەمیشی باس "لەدونیای عەشق ودەروون و ... هتد" بەگشتی ئەو شتەهایە دەکات کەپەیوەندی بەڕۆح وزیهنییەتی بەشەرەوە هەیە . بەدڵنیاییەوە ئەگەر تۆزێك ووردببینەوە عەقڵ وڕۆحی ڕۆژهەڵاتی لەم ڕستەیەدا دەبینینەوە ، چونکە بەردەوام ئارەزووی بەگەیشتنێکەوە کردووە کەئەگەرچی لەئاکامدا مەجبووری کردووە دەستبەرداری هەردوو جەمسەرەکە ببێت . بەڵام بەشی دووەمی ڕستەکە شایەنی بایەخ وگرنگییەکی تایبەتە ، هەرچەند شتێکی

فەنتازییایی وئایدییالّیە ، بەلاّم بایەخی بەشی یەکەم کەبنەمای ئەم یاداشتە کورتەی لەسەر دانراوە و پۆتانسیولی بۆشیکردنەوەو لیّکدانەوە هەیە . ئیّمەی کوردی ڕۆژهەلاّتیش لانیکەم یەکیّکین لەو دەروونانەی کەزۆربەمان هەولّ وتەقەللا بۆ فەرامۆشکردن ئەدەین وئەمرۆمان دەکەینە خەرجی فەرامۆشکردنی دویّنیّ . لەم دونیا بەربلاّوەدا زۆرشت هەن کەناتوانین بەدەستی بهیّنین وهەرچی زۆرتر دەچینە پیّشیّ خۆمان کەم تواناتر دەبینین وئاکامیّکمان جیا لەقەبوولّ کردنی شکست نییە .

دیارە مەبەستم قەبوولّ کردنی شکست جیاواز لەو ئاکامانەی کەدەلّیّن : "ئەبیّتە پردیّکی پتەو بۆ ئاییندە" ، بەلاّم بەبڕوای من خۆی جۆریّکیتری سەرکەوتنە ئەگەر پیاویّکی بەئاگاو هۆشمەند بیت ! واتا "سەرکەوتن لەناو شکستا" کەمنین ئەو شاعیرو نووسەرو بیرمەندانەی کەفەرامۆشی وفەرامۆشکردنیان ستایش کردووەو وەك خالّیّکی پۆزەتیڤ ناویان هیّناوە، بەلاّم ئایا فەرامۆشی ڕوودەدات؟ یان مرۆڤی خاوەن عەقلّ وهەست وناخودئاگا لەدەستی دیّت کە"شتیّك"لەبیربکات ؟

میلان کۆندیرا دەلّیّت : "ئیّمە فەرامۆشمان کردووە ، کەفەرامۆشمان کردووە" یانی ئیّمە هەمیشە بیر لەو شتانە دەکەینەوە کە فەرامۆشمان کردووە ، ئەمەش هەرخۆی لەخۆیدا دژ بەفەرامۆش کردنە تەواوی ئەو دیاردانەی کەوا ئیّمە بەشیّوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەگەلّی هەلّسووکەوتمان کردووە بەردەوام یارمەتیمان دەدەن بۆ وەبیر هیّنانەوە .

ئەگەر لەشویّنیّکدا شتیّکمان بۆ پیّشهاتبیّت یاخود بۆ ڕیّکەوتبیّت بەهۆی تیّپەڕبوونی کاتەوە بوبیّتە هۆی ئەوەی کەلەناخودئاگاماندا تۆزی لەسەر نیشتبیّت ، دوای چەند سالّیّك کەلەوشویّنەوە ڕەتدەبین وەکو بیرەوەرییەك لەبەرامبەرماندا سەرهەلّدێنیّتەوە ، ئەمەش بەو واتایەی کەشویّنەکان وکەسەکان یارمەتیمان ئەدەن بۆ وەبیرهیّنانەوە .یان بەزمانیّکیتر هەرشتیّك لەم دونیایەدا کەبەدیهاتبیّت یاخود بەدیبیّت (دیارە مەبەستم تاکو ئەو شویّنەی کەبوونی ئیّمە حزووری هەبیّت وبەئاگابین لیّی) ئیدی لەبیرناچنەوەو هەبویەکی بەردەوامە . کەوابوو ئەو شتەی کەناتوانین بەدەستی بهیّنین ناتوانین بیخەینە ناو بازنەی فەرامۆشییەوەو هەمیشە وەك گرێیەك لەسەر دلّمان دەمیّنیّتەوەو ئەو شتەی کەوا ناشتوانین فەرامۆشی بکەین ڕەنگە هەرگیز نەشتوانین بەدەستی بیّنین بۆیە بەردەوام لەگەلّ بیرەوەری شکستیّکدا دەژین .

هەرئەم هاوکیّشەیەشە (لەمەنزووری گشتیدا) کە توانای کەسەکانی لەسەر بەدەست هیّنان ودۆڕاندن بینا کردووە ، ڕەنگە دریّژەدان بەژیان (لەمەنزووری تۆشەوە) هەر لەڕیّگەی ئەم دوو لیّکدژەوە مانای هەبیّت بەلاّم هەمیشەش لەناو مندا سیستەمیّکی فەرامۆش کردن سازە .

## "زمان وەك بەلاّیەکی کوشندە ، لەناودەمی بیّسەوادەکاندا"

*"هیچ ڕستەیەک نییە ، ئافرەتێکی پاکیزەبێت"*

<u>"ووتەی گەورە شاعیریّکی دونیا"</u>

دیدگای پۆلّ ڤالیّری بەرامبەر بەشیعرو بیرکردنەوە بەمجۆرەیە : "چەمکی شیعر بەزۆری لەبەرامبەر چەمکی بیرکردنەوەدا (دیارە مەبەستمان بیرکردنەوەی پەتی _ یە) پەیدا دەبیّ ، هەروەك چۆن خەلّك دەلّیّن (خیّرو شەڕ ، جوان وناشرین ، گەرم وسارد ، ........ هتد) هەربەوشیّوەیەش دەلّیّن بیرکردنەوەی پەتی ! " زۆربەی خەلّك بەبیّ تیّڕامان وابیردەکەنەوە کەکاری شیکردنەوەو شیتەلّکردنی شیعر ، هەولّیّکە لەسەر بناغەی ئیرادەو ووردبینی وجۆشەکانی ئیلهامەوە پەیدا دەبیّ .

براله من تەنها گەر لەسەرییەك قسەت بوەستم وجاریّکیتر بۆت ڕاڤەبکەمەوەو ئەو خویّندنەوە ئاوەژووەت ڕاست بکەمەوەو پیشت ئەستووری بکەم بەهەندیّك بەلّگەی تیۆری ، دیارە مەبەستم لەو دوو دیّڕەیە کە چ لەلای من لەدەقی "من چیرۆکەوانی دەریام" کەدەستنیشانت کردووەو چ لەلای ئیدریس عەلی لەدەقی "مردن لەژیان دەبوورم" دەرت هیّناوە ، بەم چەشنە بۆت دەنووسمەوە . بەلاّم بەر لەنووسینەوەی پیّویستە بلّیّم تەواوی ئەو دیّڕەی کەبەڕیّزت لەشیعرەکەی منەوە وەرتگرتووەو "ئەبیّ دایکم ببەخشیّ ، کەناتوانم عەسریّك لەلای بمیّنمەوە / بۆ خویّندنەوەی شیعریّك و / بۆ خواردنی قاشیّك کیّك و / بۆ ژماردنی دەنکە بەدەنکەی تەزبیحەکانی / ......." بەحسابی خۆت وەك پیاویّکی خویّندەوارو ئاگادار باڕەت لیّ بەرز بۆتەوەو ئامادەش نیت بمبوری لەسەر ئەو کوفرە بەدەی کەکردوومەو لەبەرامبەریشدا ئەم دیّڕەی ئیدریست هیّناوەتەو "دایکم دەمبووریّت لەدووری / لەجارجار چونم بۆ سەرقەبران / لەفاتیحایەك ، کەلەسەر کیّلی گۆڕەکەی نەمنووسی / ......" وەهەروەها لەوگوناهە گەورانەی ئەویش هەرخۆشنابیت ، وەك ووتم : زۆر نائاگایانەو بیّئەندازە نەخویّندەوارانە

خەریکی دەکەویتە ووتن وقسە لەسەر پێکهاتەو بەخەیاڵی خۆت ئەو پانتاییە خەریکی دەخەیتە ژێر گومانەوە ، کەمن وئیدریس هەریەکەو بەپێی سەلیقەو ئاگاهی خۆمان کەشفمان کردووەو هێناومانەتە نێو کایەکانی زمانەوە .بەهەرحاڵ من دەمەوێت تەنها لەمەڕ کردەی ژیان ومەرگەوە قسەگەلێکت بۆبکەم ، چونکە لەیادت نەچێ ڕەنگە لەبەر ئەم بێسەرو بەرەییەی کەهەیە لەئێستادا تۆ وەکو شاعیرێك خۆت بەچواردەورێکی کەم وبێسەواد ناساندبێت بەڵام وەك ڕەخنەگرێك یاخود وەك ڕاڤەکارێك دڵنیات دەکەم کەبەم هەموو بێئاگایی وئیفلیجیەتەوە ناتوانی ! بۆیە زۆر بەگرنگم زانی ئەم وتارانەت کەدەربارەی "گومانکردن + شاعیربوون + ڕاڤەکار یان ڕەخنەگر" بەیەکەوەو لەشکڵی نامەیەکدا بۆ بلاوبکەمەوە ، تۆش تائەو شوێنەی بتوانیت وخۆتی پێوە هیلاك بکەیت سوودمەندبیت لێی .

هەمووما دەزانین کەمرۆڤ ئەودەمەی لەدایك دەبێت هاوکات مەرگیش لەگەڵیدا لەدایکدەبێت وەسێبەری خۆیشی دەخاتە سەرهەمووژیانی ، چونکە ئەودەمەی کەوا ئێمە هەین مەرگ نییەو ئەودەمەی واکەمەرگیش هەیە ئێمە نین !ئاینەکان ئیدی لەبودایيەکانەو بیگرە تاکو مەسیحیەت وئیسلامیش پێداگرییان لەسەر بابەتی مەرگ کردووەو هەریەکێکیشیان بەشێوەی تایبەت وەڵامیان بەمرۆڤ داوەتەوە ، ئاینەکان هەوڵی ئەوەیانداوە تاکوو ژیان وچێژە جەستەییەکانی ئەم دونیایە بچووك نیشان بدەن ودونیایەکیتر بەرجەستە بکەنەوە کەئیدی ژیانی ڕاستەقینەو خۆش لەوێوە دەست پێدەکات . دونیایەك کەمەرگ ناتوانێت بێتە ناویەوەو ژیان لەویێ ژیانێکی نەمرانەیەو بەمجۆرە دەیانویست دەردی مەرگ بۆ خەڵك کەمبکەنەوەو تارمایی مەرگ تاڕادەیەك بسڕنەوە ، بەڵام مەرگ لەو بابەتانەیە کەهەرچی زۆرتر لەسەری قسەوباس بکەین قوڵاییەکەی فرەتر ئەکەوێتەوەو تۆقێنەرتر خۆی دەنوێنێ .

مرۆڤ بونەوەرێکی خاوەن عەقڵ وهەستەو ناتوانێت باوەڕبکا کەڕۆژێك ئەبێت ئەم دونیا ڕەنگاو ڕەنگە بەجێبهێڵێت وبەرەو دونیایەك بڕوات کەنەیدیوەو بەهیچ جۆرێکیش ئەزموونی نەکردووە ، مەرگ لەو بابەتگەلەیە کەتەجرەبەکردنی ودیتنی وکەوتنە ناوەوەی بەیەکەوەیەو پێکەوە ڕوەدات . مرۆڤ ناتوانێ باوەڕ بەنەبوونی خۆی بکات وپێیوایە دوای مردنی "ئەم" دونیا شتێکی لێکەم دەبێتەوەو هەرئەمەشە کەوەها کارێکی کردووە هەمیشە مرۆڤ بەشوێن دۆزینەوەی وەڵامێکەوەبێت کە بیداتە مەرگ .

شوپنهاوەر دەڵێ : "ئەگەر پرسیاریان لێکردیت دوای مەرگ بۆ کوێ دەڕۆین ؟ باشترین وەڵام ئەوەیەبڵێیت : ئەڕۆینەوە بۆ ئەو بارودۆخەی کەوا بەرلەوەی لەدایك بین لەناویدا ئەژیاین" واتا لەعەدەمەوە بۆ عەدەم ! ئەم گومانە میتافیزکییە زیاتر لەناو هونەرمەندو نووسەرو بیرمەندەکاندا ئێجگار بلاوترە وەك لەخەڵکی ئاسایی وسادە ، بەوحوکمەی خەڵکی نۆرماڵ بەهۆی ئەو بڕوا میتافیزیکی وئاینییەوەی کەهەیەتی وباوەڕی تەواوی پێی هەیە ، کەمتر ئەم گومانە لەناویدا درووست دەبێت چونکە "ئەو"ی باوەڕدار لانیکەم وەڵامێکی بۆخۆی دۆزیوەتەوە کە ئەم وەڵامە زۆر زەحمەتە باوەڕ بەو "هونەرمەندو ئەدیب وفەیلەسوفانە" بکات کە گومان تەواوی ئارامیانی لێزەوت کردووە . هەرچەندە ئەمەش ناکاتە ئەوەی بڵێین کە ئەم تاقمە کەسایەتییانە وەڵامێکیان دەربارەی خودی مەرگ دۆزیبێتەوە ، تەواوی ئەو گومان وهەولانەی کە هەن وبەردەوامیش دەدرێن تەنها لەچواردەوری خودی مەرگدا دەخولێتەوە ، بەڵام ئەوەی کەلێرەدا گرنگە خودی ئەو گومان کردنەیە کەبەرهەمی تێڕامان وئاگاییە .کێشەی مەرگ کێشەی زیندووەکانە نەك مردووەکان چونکە ئەوەی کەوا مرد ئیدی مرد ! ئەوە زیندووەکانە کەلایان ترس لەمەرگ ودونیای مردن درووست دەبێت .

لەنێوان هەموو گیانلەبەرەکاندا ئەوە تەنها ئینسانە کە مردن کێشەی بۆ سازدەکات وبیری لێدەکاتەوە ، ئینسان هەم لەژیانداو هەم لەمەرگیشدا هاوبەشی گیانلەبەرەکانی ترەو لەنێوان ئەمانەشدا تەنها ئەوانەن کەئاگایی وهۆشمەندییان ئەم گومانەی لەلا تۆختر کردونەتەوەو دڵنیان ڕۆژێك دێتە پێشەوە کەدەبێت ئەزموونی بکەن . کەوابێت خودی مەرگ "دال"ێکە کە"مەدلوول"ەکەشی هەرخۆیەتی .

## "قسەکردن ... وەك لێبوکێکی گەمژە"

*" شیعر لەساختارێکی نوێدا خۆی نیشان دەدات وزۆربەیان یەک فۆرمن"*

<u>یاکۆپسن</u>

زۆرجار لەناو کۆمەڵدا قسەیەك هەیە کەبێئەندازە دوپات دەکرێتەوە ئەویش "باشە ، ئەمە بیروڕای تۆیە ، بەڵام هەرکەس بیروڕاو بۆچوونێکی هەیە" پرسیار لێرەدایە ، ئاخۆ هەرکەسێك "هۆشمەندو ناهۆشمەند ، خوێندەوارو نەخوێندەوار ، بەئاگاو بێئاگا ،

........هتد" خاوەنی بیروڕاو بۆچوونی تاکەکەسی خۆیەتی ؟ یان دەکرێت بیروڕا لەهەموو کەسێك وەربگیرێت ؟
هەرلەبەر ئەم چەشنە ستایش کردنە ڕیاکارانەیە لەبیروڕای تاکەکەسیەوە بۆ زۆربوونی بۆچوونەکان کەئیتر ڕەخنە نامێنێت وئەگەر هەشبێت ئاستەکەی بێئەندازە کزو لاواز دەبێت وەك نمونەی ئەم برادەرە ، خەتەری ئەم بەشەرانە هەرلەوێشدا دەرناکەوێت بەڵکە ئەگەر بیخەیتە ژێر جەبرێکی زۆریشەوە ئاستی بینین وتێڕامان وتەئویل کردنی لە "خۆش وناخۆش" تێناپەڕێت ، ئەمە وەك ئەوەی کاکی ڕاڤەکەر لەفرۆشگایەك یاخود لەکارگەیەکی شیرینیدا بەگیریان هێنابێت وبیانەوێت هەرچۆنێکە ڕایەك دەربارەی شیرینیەکانیان دەست بکەوێت !
ڕەنگە ئەو ئیدیۆمەی کەهێنامانەوە وەك نمونە یەکێك بێت لەئوستوورەکانی یان مۆدێلەکانی دیموکراسی ، ئاشکرایە کەبۆ دژایەتی لەگەڵ ئەقڵ کوژە فاشیزمەکاندا لەم چەند جۆری و فرەدەنگییەش کەڵك وەردەگیرێت وتەنانەت بەرگری لەمەیلە سادەو لاوازەکانیش دەکرێت ، ئەمە هێندەی مۆدێلێکەو زیاتر پیاوانی سیاسی لەسەری ڕێك دەکەوتون وکۆکن هێندە لەناو فەزای فکرو ئەدەبیادا گوێگری نییە . وەئەو نووسەرو هونەرمەندانەی کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر ئایدیای حیزبێکەوە یاخود نەیتوانیوە بێتەدەرەوەی عەقڵی حیزبیەوە یان ئەو نووسەرو هونەرمەندانەی کە بەڕواڵەت نەفرەت لەهەموو چوارچێوەیەك دەکەن و وەهاش خۆیان نمایش دەکەن کە تەواو ئازادن ، بەڵام لەبچکۆلانەترین کاردا ناتوانێت لەدەرەوەی عەقڵ وئەندێشە باوەکان هیچ سەربەستییەك بەخۆی وکارەکەی بدات ، وەهەمیشە مەیلێکی زۆریشی بۆ چەپڵەو ئافەرین هەیە ئەم دۆخە بەربڵاوی وکەس بەکەسە دەقۆزێتەوەو ئیتر بەئارەزووی خۆی بێ هیچ بایەخدانانێك بۆ تەجرەبەکانی دی دەکەوێتە قسەی بێماناو هیچ نەوتن بەناوی "وتار ، ڕەخنە ، ڕاڤە، شیعر ، لێکۆڵینەوە ، ........هتد" کەبەداخەوە ئەم نوسینەی تۆش لەوهیچ نەوتنە باوەڕم وایە زیاتر نەبێت ، ئەمە لەلایەك ولەلایەکی تریشەوە نەگبەتی ئەم بەشەرانە لەوێدایە کەوەك خۆی وتەنی "هیچ زمانێك نازانێت" هەربۆیە من باوەڕم وایە کە"تۆ" بەڕووی هیچ شارستانیەتێکی تردا نەکراویتەوەو تەئویل وتەخەیولی "تۆ" جگە لەمۆدێلاتە نارێك وئیفلیجەکەی ناو کەلتورو سیاسیەتی کوردی هیچ کەناڵێکی تر نییە ، ئیدی ئەمە ئەو شورەییەیە کە"تۆ" بەرامبەر بەخۆت وبەدەق دەیکەیت !
براله بیرکەرەوەو ئەم گریمانەیە وەك گریمانەیەکی خراپ بهێنە یادتەوە "ئەگەر هات وڕۆژگار زۆرتر لەئێستا بەرەو خراپی ڕۆیشت وهەروەك چۆن ئێستا هیچ نرخێك بۆ نووسین وکتێب دانانرێت ، ئاوهاش ڕۆژێك دابێت و کاری وەرگێڕان وبڵاوکردنەوەش بکەوێتە ئەزمەوەو بەهیچ شێوەیەك لەوبوارانەدا کارنەکرا ، ئەوکاتە دەبێت تۆو پێڕی تۆ هەروەك چۆن لەم سەردەمەدا پەناتان شێوە باوەکانی ئیلهامە بۆ "نوسین وڕاڤەو ووتارو ....هتد" دەبێت ئەوکاتە هانا بۆ چ غەیبزان وشێخ وقاوەگرەوەو فاڵچیەك بەرن ، تا لەو میحنەتەی کەنائاگایتان بۆی خولقاندوون دەربچن ؟ ئاخر پێمبڵێ بەم هەموو نەخوێندەواریەتەوە چۆن غیرەتی نووسین وبەتایبەتیش کاری ڕەخنەت هەیە ؟ چۆن تۆ سێ کتێبت دەربارەی تیۆرەی شیعر بەرچاونەکەوتووەو دەتوانیت کاری ووتارنووسین بکەیت ؟ تۆ دەزانیت حەزو خەیاڵکردنەوە لەکەشی شوهرەت یان ناودەرکردن ئینسان تووشی وەها موسیبەتێك دەکات کەئێستاکە بوویت ؟ ئازیزم بۆ ڕووبەڕو بوونەوە لەگەڵ بیروڕای تاکەکەسیدا ئەبێ پەنا بەریتە بەر یەك دوونیا شیکاری تیۆری وهەستپێکراو تا لەتەسەورە تاکی ولۆکاڵییەکانەوە هەنگاو بنێیت ، ئینجا بۆ تۆیەکی بێئاگاو بێتەجرەبە هەستناکەیت ئەمەی کردووتە نەك ناچێتە ناو بازنەی "ڕەخنەو ڕاڤەو شرۆڤە"کردنەوە ، بەڵکو جارێکی کە هیچ نەوتن وخۆفریوودانە !

## "سروودانندنی شیعر"

*"زمـــــــــان ... ماڵـــی بوونە !"*

هایدگەر

دیارە من مەبەستم نییە وەڵامی ئەو نووسینە شپرزەو هەرزەکاریانەی تۆ بدەمەوە ، هێندە نەبێت من وەك سیفەتی ئینسانیم خۆم زۆر بەناخۆشحاڵ دەزانم کەسێك ببینم هێندە لەئاستی نووسین وبەتایبەت ڕەخنەسازیدا زەلیل ودەستەوەستانە . بۆیە ئاستی نووسینەکەی خۆمم لەوتارێکی درێژەوە گواتەوە بۆ سەرئاستی دەقنامەیەك کەتابتوانم لەوێوە بتخەمە بەردەمی دووڕیانێك ئەگەرهات ودوور لەچاوی خەڵکی وبەتەنها ئیستێکت کرد هەندێك بەخۆت وتەواوی نووسینەکانتا بچیتەوەو بڕیاربدەی تاپڕبوونت یاخود تابەئاگابوونەوەت جارێکیتر

نەکەویتە هەڵەو قەیرانێکی لەم چەشنەوە ، ئەگەر لەلایەك ئەمە خواستم بێت لەلایەکیتریشەوە دەمەوێت کەمێك ئاگادارت بکەمەوە لەوسیفات وخەسڵەتانەی کەبەر لەهەر نووسینێك "دیارە مەبەستم (شیعر + لێکۆڵینەوە)یە" ، نووسەر پێویستە خۆی تیادا تاقیبکاتەوە ئەوکات بڕیار لەسەرنووسین یاخود نەنووسین بدات . بۆیە لەم بەشەدا دەمەوێت هەندێك باسێکی مێژوویی ئەوقوتابخانە شیعری و ڕەخنەییانەت بۆ بکەم کەلانیکەم تا سەردەمی مۆدێرنە درێژبوونەتەوە :

شیعری مۆدێرن هاوکات لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازیدا دەست پێدەکات وتاکۆتایی جەنگی دووهەمی جیهانی درێژەی دەبێ ، شاعیرانی مۆدێرن هەریەکەو بەشبەحاڵی خۆی بەگشتی لەگەڵ سروشت وبەتایبەتیش لەگەڵ ئەو لۆژیکەی کەهەبیوو بەشەڕهاتن وخەڵکیش بەتەواوی لەژێر گوشاری کلێسا هاتنە دەرەوە ، شاعیر کەوتە ئەو متمانەیەی کەزانی دونیا لەناو هەڵسوکەوتی تاکەکەسی ئەمدا مانای هەیە ئیدی "من"ی هێنایەوە ناوشیعرەکانی ، بەڵام ئەو "من"ە بوو بەخاوەنی دەسەڵاتێکی ئێجگار زۆر .

بەکورتی شیعری مۆدێرن لە هەردوو قوتابخانەی ڕۆمانتیسم وسومبولیزمەوە سەرچاوە دەگرێت ، ڕۆمانتیسم ئەو بزووتنەوەیەیە کەهەر چەشنە تەقەللایەك بۆپێناسەکردنی تووشی شکست دەبێن ولەدرێژەی تەمەنی سەدوپەنجا ساڵەی خۆیدا پێناسەگەلی جۆراوجۆری لێکراوە ، گروپێك ڕۆمانتیسمیان بەشێوەیەك لەتەخەیول دەزانی کەجیا لەخۆی شتێك لەبەرچاو ناگرێت وسەرکەشانە بەرەورووی دونیا دەبێتەوە وەگروپێکیتر پێیان وابوو ڕۆمانتیسم نادیارەکان نیشان ئەدات وکەسانێکیتر بەمەکتەبێکی ئەفسووناوی وپڕ لەهەست وتەواو خەمناکیان دەبینی ، بەگشتی دیاردەیەك ئەوکاتە دەبێتە ڕۆمانتیك "خوێنەر تووشی سەرسوڕمان بکات و خاوەنی هەست وسۆزێکی قوڵ بێت وبەر بەخوێنەری جدی وتیۆری نەگرێت بۆ ڕەخنەگرتن" .

خودی ڕۆمانتیکەکان بەچەند شێوە پێناسەیان دەکرد ، ڕۆمانتیکە فەڕەنساییەکان دەیانگووت : ڕۆمانتیسم هونەرێکە کەبەرهەمی ئەدەبی باشی لێدەکەوێتەوەو خەڵکیش دەتوانن چێژی لێوەرگرن ، ئەم قوتابخانەیە ئاوڕێکی زۆری لەکەلتووری جیهان دایەوەو لەئاکامیشدا گەیشتن بەو دەرئەنجامەی کەڕۆمانتیسم تێکەڵییەکە لەهەموو داب ونەریت وسیفەتە تایبەتییەکان . دیارە ئەم گۆڕانانە لەودەمەدا هەم لەبواری جوانناسییەوەبوو هەم لەبواری تەخەیول وزمان وهەستەوەبوو . ڕۆمانتیکەکان تەنانەت ڕۆڵی وێنەیان لەشیعردا گۆڕی وبەجۆرێك وێنە بەرجەستەکرایەوە کەلەسەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەمدا وێنە وەکو ئەمرێکی پەراوێزی بوو کەبۆ جوانکردن وئارایشکردنی شیعر کەڵکیان لێوەردەگرت ، بەڵام وەك وتم لەلای ڕۆمانتیکەکان بوو بەخاوەن شکۆیەکی بەرفراوان . لەواقعیشدا دەکرێت بڵێین کەهەر ئەمانەبوون بەردی بناغەی شیعری غینائی مۆدێرنیان داناو چەند نمونەگەلێکی زۆرو بەرچاویشیان هەیە .

پاشان سومبولیزمەکان هاتنە مەیدانەوەو سومبولیزمیش وەك ڕۆمانتیسم چەمکێکی بەربڵاوەو تەنانەت ووشەی سومبولیزم بۆ هەریەك لەشێوەکانی نووسین یان ووتن بەکاردەهێنرێت . شیعر لەلای سومبولیزمەکان خۆی لەوقاعیدەو نۆرمانەی کەڕۆمانتیکەکان دایان نا دەربازکرد ، دیارە ئەمەش بەنیسبەتی هەریەکێك لەشاعیرەکان جیاوازە . دەستکەوتەکانی سومبولیزم کاریگەری زۆری لەسەر ئەدەبیاتی فەڕەنساو دونیا دانا کەبەرچاوترینیان "ریلکە"ی شاعیری سەرەتاکانی سەدەی بیستە . تەنانەت کاریگەری قوتابخانەو ڕێچکەی سومبولیزمەکان لەسەر ئەدەب وهونەری ئینگلیزو ڕووسەکانیش دەبینرێ . پاشان شاعیرانی مۆدێرن توانیان بەشێوەیەکی بیرمەندانە بێنە ناوکایەکەوەو بەشێوەیەکی زۆرجوانیش توانیان کەڵك لەوئیمکانیاتانەی شیعر وەربگرن وتەکنیکیان بەشێوەگەلێکی زۆرباش خستە خزمەتی شیعر بەتایبەتی وئەدەبیات بەگشتییەوە .

شار بەهەموو پێکهاتەکانییەوە لەلای شاعیرانی مۆدێرن دەورێکی کاریگەر دەگێڕێ وبەتایبەت لەلای شاعیرانی وەك "بۆدلێرو پۆڵ ڤالێری وئەلیووت وئەزراپاوەند" . وەکو وتم شاعیرانی مۆدێرن هەبوونی شار وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی وئینسانی قەبووڵ دەکەن وهەوڵ ئەدەن خەڵکی شار بەهەموو جۆراوجۆرەکانییەوە بناسن . یەکێکیتر لەدەستکەوتەکانی یاخود تایبەتمەندییەکانی شیعری مۆدێرن کەجیاوازییەکی بنەڕەتی وسەرەکییە ئەویش هەبوونی ئاگاییەکی تەواو یان هەبوونی خود ئاگاییەکی پڕبوو دواجار بەهۆی ئەم ئاگاییەوەبوو کەڕووداوەکان ئیدی وابەئاسانی قەبووڵ نەدەکران وبەردەوام شاعیرانی تووشی بێقەراری ودڵەڕاوکێ وخەمۆکی دەکرد ، بۆیە شاعیرانی مۆدێرن هەمیشە گومانیان دەربارەی "سیاسەت وخودی مرۆڤەکان وعەشق ومەرگ و....هتد" دەکردو تەنانەت بەگومانەوە بۆ هەبوونی خۆی دەڕوانی . باسی جوانناسی شیعری مۆدێرن باسێکی ئێجگاربڵاوەو ناکرێت بەچەند نمونەیەك باسی لێوەبکەم ، بەڵام کاتێك ئەوترێت جوانناسی شیعری مۆدێرن تەواوی ئەولایەنانەمان لەبەرچاوە کەشیعر وەك ژانرێکی ئەدەبی ئەکتف قەراری گرتووە ، یانی تەواوی

ئەوشتگەلەی وایارمەتیمان دەدات شیعرێك بخوڵقێ . جواننـاسی ئەم مۆدێلە لەشیعر پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ واقیعەکانی کۆمەڵگاو بەگشتی لەگەڵ واقیعەکانی دەرەوەدا هەیە ، کەهەر ئەمەیە شیعری مۆدێرن نایەوێ بەکەماڵی ئەخلاق بگات وتەنانەت لەهەندێك شوێندا ئەخلاقی ڕابردوو ڕەت دەکاتەوە بەمشکڵەیە کەشاعیرانی مۆدێرن دەزانێ کەچی دەنووسێت وسەبارەت بەوشتانەی کەوا بڕیارە ڕووبدەن خودئاگایی وزانستی هەیە .

یاکۆپسن دەڵێ : شاعیربوون لەپلەی یەکەمدا زمان وخەیاڵە کەبەشێوەیەکی تایبەت خود ئاگایانە لەگەڵ خۆیدا قەرار دەگرێ وئیمکانەکانی خەیاڵی شاعیری هۆشمەند لەکەناڵی زمانەوە نیشان دەدرێن !

ئیدی ئەوشاعیرانەی کەلەگەڵ ڕەوتەکەدا نەگونجان وقەد ئاوڕیان لەدەقە تیۆرییەکان نەدایەوەو توشی دوبارەبوونەوەبوون ، بەواتایەکی تر لەشوێنێکدا وەستان وبەناچاری لەبەرامبەر دەقی شیعریی نەوەی نوێ هەڵوێست ئەگرن . لەڕاستیدا ئەو شاعیرانە هێشتا شیعر بەئیلهامەوە ئەناسن وهیچ هەوڵێکی جدییان بۆ ڕۆشنبیرکردنی خۆیان نادەن ، دەرئەنجامی ئەوانەش خەریکی دووبارە کردنەوەی خۆیان بوون لەپرۆسەی زمان لەهەناوی زماندا وەئەو شاعیرانەی کەهێشتا لەبازنەی ناسیۆنالیزمی ڕەسەنخواز دەرنەچوون وکتێبی تازەیان خوێندەوە تا دژ بەکایە تازەکان لەناو زمانی کوردیدا بوەستن . ئەم شاعیرانە لەڕووی بیرکردنەوەو نووسینەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییەو پێیان وایە هەرچەشنە یاری کردنێك لەناو زمانی کوردیدا ئەگەر بەئاڕاستەی عەقڵی باوی ئەواندا نەبێت خیانەتە . بۆیە لەدەقی شیعری نەوەی نوێو نوێخوازەکان بەجنێوەوە پێشوازی لێدەکەن . بۆیە لەکۆتایدا لەسەر زاری "سامولیل بیکیت / دواهەمین یاری"ەوە دەڵێم :

**"تۆ لەترسی تاریکی و شەو گریایت ، ئێستا کەشەو هاتووە ، دەبێت لەتاریکیدا بگریت !"**